ئێران سەرکەنەی دەستوەردانی ئەمریکا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و بە دووبەرەکی ناوی دەبات

باڵێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەغداد دەستوەردانی ئەمریکای لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان ئێران و عێراق ئیدانە دەکات ز بە دووبەرەکی ناوی دەبات.

باڵێزخانەکە لە بەیاننامەیەکدا، کەدەستی موتەبع کوتووە رایگەیاند: لێدوانەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دژایەتیکردنی واژکردنی یاداشتنامەی لێکتگەیشتن بە هاوکاری نێوان ئێران و عێراق، بێگەی بەردەوامی هەوڵەکانی بەیاردەرانی ئەمریکایە بە وروژاندنی ناتەبایی نێوان وڵاتانی دراوسێ و ئیسلامی.

لە وڵامی هەوڵستی دەستوەردانانەی ئەمریکا دوای واژکردنی یاداشتنامەی لێکتگەیشتنی ئەمنی ئێران و عێراق، باڵێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تێئکیدیکردەوە، لە ئیرادەی هاوبەشی ئێران و عێراق بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ و ئیسلامی لسەر بنەمای دراوسێیەتی باش و ڕێزگرتنی یەکتر، ئەمەش گرێنتی ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایش لسەر سنورە هاوبەشەکانیان و لە ناوچەکەدا.

وتیشی: لێدوانەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دژایەتیکردنی واژکردنی یاداشتنامەی لێکتگەیشتنی ئێران و عێراق بە هاوکاریکردن بە بەرزکردنەوەی ئاسایش و بەرێنگاربوونەوەی تیرۆر،

دەستوەردانەکی قبوڵنەکراو لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ و سڕبڕخە پێکدەهێنێت، بەگژیەکی هێوون لەسەر ڕێبازی ناسەقامگیرکەری ئەمریکا بەرامبەر بە وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها بەگژی بەردەوامی هەوڵەکانی بەیاردەرانی ئەمریکا بۆ چاندنی دووبەرەکی لە نێوان وڵاتانی دراوسێ و ئیسلامیدا.

بایێزخانەی ئێران لە بەغدا جەختیکردەوە: ئەم جۆرە هەوڵەستە دەستوەردانانە پێشێلکردنی بنەماکانی میساقی نێتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکانە کە لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان دەوڵەتان دامەزراوە.

پێشتر، تامی بروس وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە کاردانەوە بۆ واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن سەبارەت بە هاوکارییەکانی نێوان ئێران و عێراق، وتی: ئەمریکا پشتیوانی لە سەروەری ڕاستەقینەی عێراق دەکات، نەك یاساگێلێك کە بیکاتە دەوڵەتکی پاشکۆی ئێران.